پرس و باسی هاوسێیەتی

پرۆژەی فێرکردنی موسوڵمان بە بیروباوەڕ ،

و حوکمە شەرعییەکان و ئادابە ئیسلامییەکان

نوسین و ئامادەکردنی : حسین عمر عثمان



إِنَّ الْحَمْدَ للهِ نَحْمَدُه ونستعينُه ، ونستغفرُه ، ونعوذُ باللهِ من شرورِ أنفسِنا ، ومن سيئاتِ أعمالِنا ، مَن يَهْدِهِ اللهُ فلا مُضِلَّ له ، ومَن يُضْلِلْ فلا هادِيَ له ، وأشهدُ أن لا إله إلا اللهُ وحدَه لا شريكَ له ، وأشهدُ أنَّ مُحَمَّدًا عبدُه ورسولُه .

[يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًاكَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا]

[يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلَا تَمُوتُنَّ إِلَّا وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ]

[يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَنْ يُطِعِ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا]

پاش سپاس و ستایشی خودای پەروەردگار ، و پەرەستراوی حەق ، و شایەتی دان بەوەی کە هیچ خودایەك نی یە شایستەی پەرەستن بێت جگە لەو نەبێت ، و خاوەنی کۆمەڵێك ناو و سیفاتی جوانە کە هاوشێوەیان نی یە و تەنها شایستەن بە خۆیەوە. سبحانە و تعالی.

دەڵیم :

ئەم پەرتووکەی بەردەستی خوێنەر بەشێکە لە پرۆژەی فێرکردنی موسوڵمان بە بیروباوەڕ و حوکمە شەرعییەکان و ئادابە ئیسلامییەکان ، کە بە شێوەیەکی نوێ و ئاسان دارێژراوە .

سوپاسی خودا دەکەم کە یارمەتیدام و فێری کردم کە ئەم شێوازە فێرکردنە بگرمەبەر کە شێوازێکی نوێ و تایبەتە ، و فەزڵ و منەتەکەیشی تەنها بۆ پەروەردگاری خۆشەویستم دەگەڕێتەوە .

داواکارم لەو کەسەی کە ژیان و مردنی من و تەواوی بونەوەری بەدەستە لێم وەرگرێ ، و نیازپاکی تەواوم پێ ببخشێ ، و زیاتر و زیاترم فێرکا ؛ بەڕاستی ئێمە بێ ئەو هیچ و بێ نرخین .

خۆشەویستم ـ پەرستراوی حەق و پەروەردگاری جیهانیان ـ ئەم پەرتووکە ، و هەموو ئەوانەی تریش ـ کە نیەتی تەواوم لێ هێناوە ، و پشتیوان بە تۆ دەست دەکەم بە داڕشتنیان ـ بکە مایەی هیدایەت و خێر و بەرەکەت و خۆشی بۆ خۆم و تەواوی موسوڵمانان .

براکانم لەم پەرتووکەدا باسی ئادابەکانی هاوسێیەتی و مافەکانیم کردووە ، لەگەڵ هەندێ بابەتی تریش کە تایبەت نین بە دەرهاوسێیەتیەوە ، و گشتین و جگە لە دەرهاوسێش دەگرنەوە ، بەڵام لەگەڵ دەرهاوسێدا زیاتر ڕێمان لەو بابەتانە دەکەوێ ، بۆیە ئاشنابوون و فێربوونیان گرنگتر و پێوستترە . جا لە خوێنەری بەڕێز داواکارم بە گرنگیەوە لە بابەتەکە بڕوانێ .

ئەم پەرتووکە بە شێوەی پرسیار و وەڵامە ، وەڵامەکانیش بە شێوەی دیاریکردنی ڕاست و هەڵەی چەند هەڵبژاردەیەکە کە بۆ وەڵام دانراون ، لەرامبەر هەموو هەڵبژاردەکانیش خانەی تایبەت بە دانانی ڕاست یان هەڵە دانراون ، وە لە کۆتایی پەرتووکەکەش تەواوی وەڵامە ڕاستەکان لەگەڵ بەڵگەکانیشان خراونەتە ڕوو ؛ بۆ ئەوەی فێرخواز بە بەڵگەوە فێری بابەتەکە بێت ، و قسەی بێ بەڵگە نەکات ، و وەریشی نەگرێ .

ئامۆژگاری خوێنەر دەکەم ورد و لەسەرخۆ بێت لە وەڵام دانەوەی پرسیارەکان ، و دیاریکردنی ڕاست و هەڵەی هەڵبژاردەکان ؛ چونکە زۆرێك لە پرسیارەکان زیاتر لە وەڵامێکی ڕاستیان تێدایە .

داواکارم لە خوێنەر ئاستی زانستی خۆی تاقی بکاتەوە ، سەرەتا دیراسەیەکی باشی بابەتی دەرهاوسێ بکات لە ڕێگای خوێندنەوە یان گوێگرتن لەو بابەتانەی کە تایبەتن بە دەرهاوسێیەتییەوە ، پاشان وڵامی پرسیارەکان بداتەوە ، وە دوای تەواوبوونی وڵامی هەموو پرسیارەکان ئەوجار سەیری بەشی کۆتایی ئەم پەرتووکە بکات ، هەر وەك ووتمان لە بەشی کۆتایی پەرتووکەکە هەموو وڵامە ڕاستەکان و بەڵگەکانیشیان دانراون .

بە هیوای سەرکەوتن بۆ خوێنەری بەڕێز و بەختەوەربوونی لە دونیا و دواڕۆژ .

چاوەڕێی پەرتووکی پرس و باسی شەفاعەت ، حەوزی کەوسەر دەیان پرس و باسی تر بن پشتیوان بە خودا

داوای یارمەتی و لێخۆشبوون لە خودا دەکەین ، پاشان موسوڵمانان لە دوعای خێر و چاکە بێ بەشمان نەکەن .

ئەم پرۆژەیە قەناتێکی تلیگرامە ، و سوپاس بۆ خودا چەند پرس و بابەتێکی گەورە ، و گرنگی تێدایە ، و پشتیوان بە خودا بەردەوام بابەتی نوێیشی بۆ زیاد دەکرێ ، و لە ڕۆژگاری داهاتوودا بابەتی زیاتر و زیاتر دەخرێتە بەر چاو و گوێی خوێنەر و بیسەری خۆشەویست و بەڕێز .

لەم پرۆژەدا بابەت دابەش دەکرێ بۆ چەند بەشێك ، و هەر بەشێك لە دە پرسیارێك پێك دێت ؛ بۆ ئاسانکاری خوێنەر ، و تووش نەبوونی بە بێزاری و وازهێنان لە خوێندنەوە ؛ وەك زانراوە خەڵکی ئەمڕۆ بەشێوەیەکی گشتی زۆر بەکەمی شت دەخوێننەوە ، و زووش بێزار دەبن و دەست لە خوێندنەوە هەڵدەگرن ؛ هەر بۆیە ئەم شێوازەم هەڵبژارد ؛ بە ئومێدی ئاشتکردنەوەی خەڵکی لەگەڵ خوێندنەوە ، و گەڕانەوە بۆ تێڕامان و وردبوونەوە ، و وازهێنان لە دونیای سۆشیاڵ میدیا و ڕووکەشی .

لینکی کەناڵ : https://t.me/rasttren

ناوی کەناڵی تلیگرام : ڕاستترین وڵام

لۆگۆی سەرەتایی کەناڵ

بەروار: ٢٠٢٣.٥.٦

تایبەتمەندییەکانی کەناڵ :

١ – وەڵامەکان پاڵپشتن بە بەڵگەی قورئان و سوننەت ، و ووتەی پێشین و پێشەوایان و زانایان ئوممەت .

٢ – وەڵامەکان لە خودی ئیسلامە پاك و تەواوەکەوە وەرگیراون ، و دوورن لە هەموو شلۆڕەوی و توندڕەوییەك .

٣ - دەقەکانی قورئان و سوننەت پێش دەخرێن بەسەر قسە و بۆچوونی هەموو کەسێکدا .

٤ – وەڵامەکان دوورن لە هەموو دەمارگیرییەکی مەزهەبی و حزبی و کەسی .

٥ - لە هەڵەدا شوێنی هیچ کەسێك ناکەوین ، و ڕێز و شکۆ و کەرامەتی پێشین و پێشەوایان و زانایانیش دەپارێزین .

تلیگرامی کەسی @Hussain_omer

ژمارەی موبایل ٠٧٧٢٥٣٣٨٣٦٨

بۆ ڕەخنە و پێشنیار و ئاگەدارکردنەوە لە هەڵە و کەم و کورتی

ڕێخۆشکارو پێشەکی بۆ بابەتی دیاریکراو

پرس و باسی هاوسێیەتی لە ئیسلامدا :

١ - گرنگییەکی زۆری پێ دراوە .

٢ - فەرموودە گەلێکی زۆری لەسەر هاتووە .

٣ - هاوسێیەتی کۆمەڵێك ئاداب و تایبەتمەندی زۆری هەیە .

٤ - بە شێوەیەکە بەهەشتی بوون و دۆزەخی بوونی کەسەکانی پێوە بەندە .

٥ - باوەڕ و ئیمانی پێوە پەیوەست و گرێدراوە .

٦ - تەنانەت دەرهاوسێی چاك و چاکبوون لەگەڵیان مایەی خۆشبەختی دونیا و دواڕۆژن .

٧ - خراپی دەرهاوسێ و خراپبوون لەگەڵیان مایەی بەدبەختی و نەهامەتی و ئاخر شەڕین .

جا هەر لەبەر ئەم هۆکارانە زۆر هۆکاری تری گرنگی هاوشێوە بە پێوستم زانی ئەم بابەتە بەم شێوە ئاسان و نوێیە بخەمە بەر دەستی خوێنەری خۆشەویست و بەڕێز ؛ بەو هیوایەی بێتە مایەی پتەوکردنی گیانی برایەتی ، و دروستبوونی تەبایی و یەکڕیزی ، و خێر و خۆشی ، و چاکە بۆ تاك و کۆمەڵگە .

بەشی یەکەم

پرس و باسی هاوسێیەتی / بەشی یەکەم :

پ . ژ ١ //

ئایە دەکرێ کەسێکی چاکەکاری خاوەن نوێژ و ڕۆژوو ، و زەکات و بەخشندەیی بخرێتە دۆزەخەوە تەنها لە بەر ئازاردانی دراوسێ و هاوماڵەکەی ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	بەڵێ بەو کارەی شایستەی دۆزەخ دەبێ .	
٢	نەخێر بە هیچ شێوەیەک بەو کارەی شایستەی دۆزەخ نابێ .	
٣	بە هەتا هەتایی لە دۆزەخدا دەمێنێتەوە .	
٤	تاوانێکی گەورەیە ، و وەکو هاوەڵبڕیاردانە ، و لێخۆشبوونی نیە .	
٥	تاوانێکی بچووکی ئەنجام داوە .	
٦	تاوانێکی گەورەیە .	

پ.ژ ٢ //

ئایا دەکرێ چاکبوون لەگەڵ هاوسێ و هاوماڵ بێتە مایەی چوونە بەهەشتی موسڵمان ، ئەگەرچی پەرەستشی زۆریشی نەبێت ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	بەڵێ ، چاکبوون لەگەڵ دراوسێ هۆکارێکی گەورەیە بۆ چوونە بەهەشت .	
٢	نەخێر ، بەڵکو دەبێ نوێژی سوننەت ، و ماڵبەخشین ، و زۆر سوننەتی تریش ئەنجام بدات .	
٣	کەسی چاکەکار لەگەڵ هاوسێ دەچێتە بەهەشتەوە ، ئەگەرچی بێ باوەڕ و هاوەڵبڕیاردەریش بێت .	
٤	بە هیچ شێوەیەک کەسی بێ باوەڕ و هاوەڵبڕیاردەر ناچێتە بەهەشتەوە .	
٥	بەهەشت تایبەتە بە کەسانی باوەڕداری یەکخواپەرست .	

پ.ژ ٣ // لە ئیسلامدا هاوسێ و هاوماڵ		
ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	هیچ مافێکیان بەسەر یەکەوە نی یە .	
٢	تەنها ئەوەندە بەسە لە شەڕ و خراپەی دەست و زمانت پارێزراو بن	
٣	مافەکانیان زۆر ، و گەورەن .	
٤	دەبێ لە شەڕ و خراپەی دەست و زمانیش پارێزراو بن .	
٥	مرۆڤ ئازادە چاک بێت ، یان خراپ بەرامبەر دەرهاوسێکەی .	
٦	ئەم بابەتە هیچ پەیوەندییەکی بە ئایینەوە نی یە ، و ئیسلامیش هیچ گرنگییەکی پێ نەداوە .	

پ.ژ ٤ //

هەرکەس باوەڕی بە خودا وڕۆژی دوایی هەبێ ، دەبێ.....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	ڕێز لە هاوسێ و هاوماڵەکانی بگرێ و مافەکانیان بدات .	
٢	ئازاری دەرهاوسێ و هاوماڵەکانی بدات، و گرنگی بە مافەکانیان نەدات ، و بە زەیی پێیاندا نەیەتەوە .	
٣	لە حاڵ و باریان نەپرسێت ، و سەردانی نەخۆشیان نەکات.	
٤	مافی دەرهاوسێ و هاوماڵ ، و ڕێزلێگرتن و ئازارنەدانیان هیچ پەیوەندییەکی بە ئیمان و باوەڕەوە نی یە .	
٥	دەبێ بە تەواوی دوور بێت لە ئازاردانی هاوسێ و هاو ماڵ .	

پ . ژ ٥ //

زینایەک لەگەڵ دەرهاوسێ لە چەند زینا گەورەترە ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	بە تەنها یەک زینا دەنووسرێت ؛ چونکە زینا هەر زینایە .	
٢	بە دە زینا ئەژمار دەکرێ .	
٣	بە پێنج زینا ئەژمار دەکرێ .	
٤	بە حەوت زینا ئەژمار دەکرێ .	
٥	لە دە زینا و داوێن پیسی قورستر ، و گەورەترە .	

پ.ژ ٦ //

ئایا دزی کردن لە دەرهاوسێ و هاوماڵ جیاوازە لە دزیکردن لە ماڵانی تر؟

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	وەک یەکە ، و هیچ جیاوازییەکیان نی یە .	
٢	لە دە دزیکردنی ماڵانی تر خراپتر و قورسترە .	
٣	پێنج ئەوەندەی دزیکردنی ماڵانی تر قورستر ، و تاوان تر .	
٤	بە ئەندازەی دە دزیکردنە لە ماڵانی تر .	

پ.ژ ٧ //

ئایا موسڵمان ئازادە لەوەی زەوی و ماڵ و خانووەکەی بە هەر کەسێک بفرۆشێت ؟ یان هاوسێ و هاو ماڵەکەی لە پێشترە و دەبێ سەرەتا ئاگاداریان بکاتەوە و بەوان بڵێ ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	هاوسێ و هاوماڵ هیچ مافێکیان نی یە ، و موسڵمان ئازادە ماڵی خۆی چۆن ، و بە کێ دەفرۆشێت .	
٢	مافی دەرهاوسێ و هاوماڵە کە خانوو زەوی دراوسێکەی بکڕێ ؛ بۆیە پێویستە پێش فرۆشتن ئاگەدار بکرێنەوە .	

پ.ژ ٨ //

شایەتی دەرهاوسێ لە سەر دەرهاوسێکەی بە چاک یان خراپ .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	بە هەموو شێوەیەک پێوەرە ، و پێوەرێکی شەرعییە .	
٢	بە هیچ شێوەیەک پێوەر نی یە ، و شەرع هیچ گرنگییەکی بە قسەی دەرهاوسێ لەسەر دەرهاوسێیەکەی نەداوە .	
٣	قسەکانیان هیچ کاریگەرییەکیان نی یە ، و گرنگ ئەوەیە موسڵمان سەرمایەدار و خاوەن پلە و پۆست بێت .	
٤	قسەکانیان پێوەری شەرعین بە مەرجێک کەسانی ڕاستگۆ بن ، و ڕقیان لە ئاین و هەڵگرانی نەبێتەوە .	

پ.ژ ٩ //

هاوسێ و هاوماڵی باش مایەی خۆشی و ئارامی و بەختەوەریە ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	ڕاستە .	
٢	هەڵەیە .	
٣	هاوسێ چاک بێت یان خراپ هیچ زیانێکی نابێ ، و تەنها زیان بە خۆیان دەگەیەنن .	

پ.ژ ١٠ //

یەکێک لە هۆکارەکانی ناڕەحەتی و بەدبەختی مرۆڤ بریتییە لە .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	هاوسێی خراپ .	
٢	نەبوونی پلەوپۆست .	
٣	هەژاری و نەداری .	
٤	تووشبوون بە نەخۆشی و بەڵا .	
٥	نەبوونی شێوە و ڕوخسارێکی جوان .	

بەشی دووەم

پرس و باسی هاوسێیەتی / بەشی دووەم :

پ . ژ ١١ //

حوکمی بەکارهێنانی دیواری هاوسێ و هاوماڵ بەبێ زیان گەیاندن و ئازاردان .

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	دروستە ئەگەر دیوارەکە شەریکی بێت ، و هەر دوو لایان پێکەوە دروستیان کردبێت .	
٢	بە کارهێنانی دیواری دەرهاوسێ بە هەموو شێوەیەک نادروستە .	
٣	دروستە بە مەرجی ڕەزامەندی خاوەن ماڵ .	
٤	دروستە ، و هیچ پێویستی بە ڕەزامەندی خاوەن ماڵ نی یە .	
٥	خاوەن ماڵ بۆی هەیە ڕێگە نەدات ؛ چونکە مووڵکی خۆیەتی .	
٦	تەنها وڵامی ٤ هەڵەیە .	

پ . ژ ١٢ //

خراپ بوونت لەگەڵ دەرهاوسێ و هاوماڵ و ئازاردانیان هۆکارە بۆ ئەوەی .....

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	ئیمان و باوەڕت تەواو نەبێ ، و تووشی یەکێک لە گەورەترینی تاوانە گەورەکان بوبێتی .	
٢	تاوانبار بیت بە تاوانێکی بچووک ، و ئیمانت بە تەواوی بمێنێتەوە .	
٣	هیچ کێشەیەک لە ئازاردانی هاوسێدا نی یە ، مرۆڤ ئازادە ، و ئیسلامیش هیچ بایەخێکی بەو شتانە نەداوە .	

پ . ژ ١٣ //

حوکمی زینا و داوێنپیسیکردن چییە لەگەڵ ئافرەتێک مێردەکەی لە جیهاد و تێکۆشان دابێت ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	بە هەمان شێوەی زیناکردنە لەگەڵ هەر ئافرەتێکی تردا .	
٢	وەکو زیناکردنە لەگەڵ دە ئافرەتی تردا .	
٣	لە حەفتا زینا قورستر و گەورەترە .	
٤	وەکو زیناکردنە لەگەڵ دایکدا .	

پ.ژ ١٤ //

لە ڕۆژی دواییدا چۆن تۆڵە لەو کەسە دەکرێتەوە کەخیانەتی لە خێزان و ئافرەتانی کەسی موجاهید کردووە ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	بە ئەندازەی قیراتیک لە خێر و چاکەی دەبرێ ، دەدرێ بە موجاهیدەکە .	
٢	بە ئەندازەی سەد قیرات لە خێر و چاکەی دەبرێ ، و دەدرێ بە موجاهیدەکە .	
٣	کەسی موجاهید بە ئارەزووی خۆی ، و چەندی بوێ لە خێر و چاکەی خراپەکارەکە دەبات .	
٤	هەموو خێر و چاکەکانی دەبرێت و هەموو خراپەکانی کەسی موجاهیدیشی بەسەردا دەدرێت .	

پ.ژ١٥ //

بۆ ئەوەی کەسێکی باوەڕدار بین پەیامبەرمان ﷺ فەرمانمان پێ دەکات بە .....

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	چاکەکاری لەگەڵ دەرهاوسێ .	
٢	ئازار نەدانی خەڵکی .	
٣	خواردن بە دەستی ڕاست .	
٤	خۆ بە گەورە زانین .	
٥	خۆجوانکردن و خۆڕازاندنەوە .	

پ . ژ١٦ //

ئایا پەیامبەری خودا ﷺ پەنای گرتووە بە خودا لە دەرهاوسی خراپ ؟ وە لە چ جۆرە دراوسێیەک پەنای گرتووە ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	هەرگیز بەنای نەگرتووە ، و هیچ بەڵگەیەک لەو بارەوە نەهاتووە .	
٢	پەنای گرتووە لە دراوسێ خراپی شار .	
٣	پەنای گرتووە لە دەرهاوسێی خراپی سەفەر و گەشت .	
٤	دراوسێی خراپی سەفەر خراپترە ، و شەڕی زیاترە لە دراوسێی خراپی شار .	

پ . ژ١٧ //

سوننەتە لە کاتی لێنانی شۆربای گۆشت یان مریشک ئاوێکی زۆر بکەیتە شۆرباکەوە ؛ بۆ ئەوەی .....

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	شۆربایەکی تەندروست بێت .	
٢	بۆ تێربوونی خۆت و هاوسەر و منداڵەکان و تەواوی خێزانەکەت .	
٣	بۆ ئەوەی بەشی دەر هاوسێکانتی لێ بدەیت .	
٤	بۆ ئەوەی بەشێکی بۆ ژەمی داهاتوو هەڵگری .	

پ . ژ١٨ //

کەسی تێری دەرهاوسێ برسی .....

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	باوەڕی تەواو نی یە .	
٢	تاوانێکی بچووکی ئەنجام داوە .	
٣	باوەڕی تەواو نی یە ، ئەگەر ئاگاداری برسێتی هاوسێکەی بێت .	

پ . ژ١٩ //

هەرکەسێک دەرهاوسێکەی لە شەڕو خراپەی بترسێ ، ولێی ئەمین نەبێ .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	هەرگیز ناچێتە بەهەشتەوە .	
٢	بۆنی بەهەشت ناکات .	
٣	حەفتا ساڵ لە چوونە بەهەشت دوا دەکەوێت .	
٤	دوای پاکبوونەوەی لەو تاوانەی . جا بە لێخۆشبوون بێت یان وەرگرتنی سزای شایستە . دەچێتە بەهەشتەوە .	

پ.ژ٢٠ //

ئەگەرویستت خواردن یان هەرشتێکی تر ببەخشیت بە یەکێك لە دەرهاوسێکانت ، کامە دەرهاوسێ لەپێشترە بەو بەخشینە ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	ئەوەی کە دەرگای ماڵەکەی نزیکترینە لێتەوە .	
٢	ئەوەی کە دوورترینە .	
٣	ئەوەی کە دەکەوێتە نێوان نزیکەکە و دوورەکە .	
٤	ئەوەی کە پشتی ماڵەکەی بە پشتی ماڵەکەتەوەیە .	

بەشی سێیەم

پرس و باسی هاوسێیەتی / بەشی سێیەم :

پ . ژ ٢١ //

دەرهاوسێي یەهوودی و نەسرانی و جگە لەوانیش لەوانەی کە موسڵمان نین .....

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	چاکەیان بەرامبەر دەکرێ و بەخشینیشیان پێ دەبەخشرێ .	
٢	هیچ چاکەیەکیان بەرامبە ناکرێ ، و هیچیشیان پێ نابەخشرێ .	
٣	ئازاردان و برسیکردنیان واجبە .	
٤	گرنگییان پێ دەدرێ و ئیسلامیان لا جوان و شیرین دەکرێ .	
٥	هیچ گرنگیەکیان پێ نادرێ ، بەڵکو سووکایەتییان پێ دەکرێ .	

پ . ژ ٢٢ //

چارەسەری دەرهاوسێی خراپ .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	شت و مەک و ناوماڵەکەت بخەیتە کۆڵان و سەر جادە .	
٢	گلەیی کردن لە حاڵ و بارت بە دەست دەرهاوسێکەتەوە .	
٣	بارکردن و جێهێشتنی ئەو گەڕەکە و ڕۆیشتن بۆ گەڕەکێکی تر .	
٤	شەڕکردن لەگەڵ دراوسێکەت و تەمبێکردنی .	
٥	ئارام گرتن .	

پ.ژ ٢٣ //

ئایا دەتوانی باسی خراپەی دەر هاوسێکەت بکەیت بۆ کەسێک بەڵکوو ڕێگە چارەیەکت بۆ بدۆزێتەوە

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	بەڵێ دروستە بۆ لابردنی شەڕ و خراپەکەی .	
٢	نەخێر دروست نی یە ؛ چونکە بەو کارەت غەیبەتی دەرهاوسێکەت کردووە ، ئازارت داوە .	

پ . ژ ٢٤ //

پەیامبەر ئامۆژگاری ئافرەتانی کردووە بەوەی کە .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	هیچ چاکەیەکی دەر هاوسێکەی بە کەم نەزانێت .	
٢	بێ وەرگرتنی مۆڵەت ڕاستەوخۆ بچێتە ماڵی دراوسێکەی .	
٣	لەبەر دەرگا لەگەڵ دەرهاوسێکەی دانیشێت .	

پ.ژ ٢٥ //

دەرهاوسێ بە پێی مافەکانی بە سەرتەوە چەند جۆرن ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	پێنج .	
٢	سێ جۆرن .	
٣	دوو جۆرن .	
٤	تەنها یەک جۆر دەرهاوسێ بوونی هەیە .	

پ . ژ ٢٦ //

چ دەرهاوسێیەک سێ مافی دەبێت بە سەرمانەوە ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	دەرهاوسێی بێ باوەڕ .	
٢	دەرهاوسێی موسوڵمانی خزم .	
٣	دەرهاوسێ موسوڵمانی دیندار .	

پ . ژ ٢٧ //

چ دەرهاوسێیەک تەنها یەک مافی هەیە ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	هاوسێی موسڵمان .	
٢	هاوسێی کافر .	
٣	هاوسێی موشریک .	

پ . ژ ٢٨ //

پەیامبەری ﷺ خودا ترسا جیبریل چ مافێک بداتە دەرهاوسێ ؟

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	بەشداریکردنی دەرهاوسێ لە میرات .	
٢	شەریکردنی دەرهاوسێ لە کار و پیشە .	
٣	شەریکردنی دەرهاوسێ لە تەواوی داهاتی ساڵانە .	

پ.ژ ٢٩ //

چ دەرهاوسێیەک دوو مافی هەیە

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	دەرهاوسێی خزمی موسڵمان .	
٢	دەرهاوسێ بێ باوەڕی خزمی دژایەتیکەری ئیسلام و موسڵمانان .	
٣	دەرهاوسێی موسڵمان ئەگەر خزم و کەسی خۆت نەبێ .	

پ.ژ ٣٠ //

چ دەرهاوسێیەک هیچ مافێکی نییە

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	کافرێکی بێوەی ئەوەی کە هیچ زیانێکیی بۆ ئیسلام و موسڵمانان نییە .	
٢	کافرێکی دژایەتیکەری ئیسلام و موسڵمانان کە هەوڵی لە ناوبردنی ئیسلام و موسڵمانان دەدات .	

پ . ژ ٣١ //

حوکمی سەردانیکردنی دەرهاوسێ کافر

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	بە هەموو شێوەیەک دروستە ، ئەگەر چی سوکایەتی بە خودا و ئایین و پەیامبەریش بکات .	
٢	دروستە ، ئەگەر سوودی ئیسلام و موسڵمانانی تێدا بێت .	
٣	دروستە ، ئەگەر بە مەبەستی هیدایەتی کافرەکە بڕۆین .	
٤	دروستە ، ئەگەر کافرەکە بێوەی بێت ، و زیانی بۆ ئیسلام و موسڵمان نەبێت .	

بەشی چوارەم

پرس و باسی هاوسێیەتی / بەشی چوارەم :

پ . ژ ٣٢ //

سەیرکردنی ماڵی دەرهاوسێ لە کونی دەرگاوە ، یان لە سەربانەوە .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	کارێکی نادروستە .	
٢	دروستە و هیچ کێشەیەکی تێدا نی یە .	
٣	خاوەن ماڵ بۆی هەیە سووژن یان چیلکە دار یان هەر شتێکی تر بچەقێنێ بە چاوی کەسەکەدا ، و چاوی بتەقێنێ .	
٤	خاوەن ماڵ بۆی نی یە هیچ ئازارێکی هەڵەکار بدات .	

پ . ژ ٣٣ //

چوونە ماڵی دەرهاوسێ بە بێ مۆڵەت وەرگرتن

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	کارێکی ئاساییە ، و چوونە ماڵی دەرهاوسێ پێویستی بە مۆڵەت وەرگرتن نی یە .	
٢	بۆ دەرهاوسێی خزم کارێکی ئاسایی یە .	
٣	چوونە ماڵی دەرهاوسێ نادروستە ؛ ئەگەرچی خزمیش بێت .	
٤	لەکاتەکانی ناچاری و زەرورەت دروستە وەك ئاگرکەوتنەوە ، و داروخان هاوشێوەکانی	

پ . ژ ٣٤ // گوێ گرتن لە قسە و باسی دراوسێ بە دزییەوە		
ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	دروستە ، و هیچ کێشەیەکی تێدا نی یە .	
٢	هەر کەس گوێ لە دراوسێکەی بگرێ بە دزییەوە لە قیامەت قورقوشمی تواوە دەکرێتە گوێیەکانی .	
٣	نادروستە و کارێکی قێزەونە .	

پ . ژ ٣٥ //

له کاتی دان له دەرگا لای ..... دەرگاکەوە دەوەستین .

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	هیچ جیاوازیکی تێدا نی یە لە هەر کوێ ڕابوەستی .	
٢	پیویستە لای ڕاستی درگاکەوە ڕابوەستی .	
٣	پیویستە لای چەپی درگاکەوە ڕابوەستی .	
٤	ڕاستەخۆ لە ڕووی دارگاکەوە ڕادەوەستی .	
٥	لەو لایەوە ڕادەوەستی کە ناکەوێتە ڕووی کردنەوەی دەرگاکە ، جا لای ڕاست بێت یان لای چەپ .	
٦	بە ڕێژەیەکی زۆر ١٠ مەترێك یان زیاتر لە دەرگاکەوە دوورەکەویتەوە .	

پ . ژ ٣٦ //

ئەگەرووترا کێیە لە دەرگا دەدا

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	دەڵێی منم .	
٢	ناوی خۆت دەڵێی .	
٣	هیچ وڵامێک نادەیتەوە ، و بەردەوام لەدەرگا دەدەیت تا دەیکەنەوە	
٤	خۆت دەناسێنی .	

پ . ژ ٣٧ //

بۆمان هەیە تەنها ..... لە دەرگا بدەین

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	پێنج جار .	
٢	حەوت جار .	
٣	بەردەوام لە دەرگا بدەین تابۆمان دەکرێتەوە .	
٤	سێ جار یان کەمتر .	

پ . ژ ٣٨ //

ئەگەرسێ جارلە دەرگامان دا و نەیان کردەوە .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	سەیری ماڵیان دەکەین بۆ ئەوەی بزانین لە ماڵن یان نە .	
٢	بە سەر دەرگاوە سەردەکەوین و دەچینە ژوورەوە .	
٣	ئەگەر دەرگا کراوە بوو دەچینە ژوورەوە .	
٤	دەکەینە هاتوو هاوار ، و خاوەن ماڵ ناچار دەکەین بێتە دەرەوە .	
٥	دەگەڕێینەوە .	

پ . ژ ٣٩ //

ئەگەربینیمان خاوەن ماڵ لە ماڵ نی یە .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	دەچینە ژوورەوە و پێویستییەکانمان دەبەین ، و دواتر ئاگەداریان دەکەینەوە	
٢	ناچینە ژوورەوە و دەگەڕێینەوە	
٣	دەچینە ژوورەوە ئەگەر بینیمان ئاگر لە ماڵیان بەربووە یان منداڵێکی ساوایان جێ هێشتووە ، هتد	

پ.ژ ٤٠ //

ئەگەر مۆڵەت نەدراین بچینە ژوورەوە .....

ژ	هەڵبژاردەکان	✓ ✗
١	لۆمەی خاوەن ماڵ دەکەین ، و ڕووگیر و ناچاری دەکەین کە بمانکاتە ژوورەوە ، و مۆڵەتمان بدات .	
٢	ڕاستەوخۆ دەگەڕێینەوە ، و لە خاوەن ماڵ زویر دەبین .	
٣	بە دڵێکی فراوانەوە بێ عاجزی و زویربوون ڕاستەوخۆ دەگەڕێینەوە .	

پ . ژ ٤١ //

چوونی ئافرەت بۆ ماڵی دەرهاوسێکەی کاتێك تەنها پیاو لە ماڵەکەدا بێت ، بە پێچەوانەشەوە .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	نابێت ئافرەت بچێتە ماڵی دەرهاوسێکەی ئەگەر تەنها پیاو لە ماڵەکەدا بێت .	
٢	نابێت پیاو بچێتە ماڵی دەرهاوسێکەی ئەگەر تەنها ئافرەت لە ماڵەکە دابێت .	
٣	مانەوەی پیاو و ژنێک بە تەنها لە ماڵێکدا یان لە شوێنێکدا سێیەمیان شەیتانە .	

پ . ژ ٤٢ //

باشترین دەرهاوسێ لای پەروەردگار.....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	ئەو جیرانەیە کە باشترینە بۆ جیرانەکەی .	
٢	ئەو جیرانەیە کە زۆر سەردانی ماڵە جیرانەکەی دەکات ، و زۆرترین ئەرکیان دەخاتە سەر .	
٣	ئەو جیرانەیە کە دەرهاوسێکانی بە درۆ دەخاتە پێکەنین و دڵیان خۆش دەکات .	
٤	ئەو جیرانەیە کە لە کاتی سەردانیکردنی جیرانی نەخۆش ئەوەندە دەمێنێتەوە بێزاریان دەکات .	
٥	ئەو جیرانەیە کە تا درەنگانی شەو لە ماڵی جیرانەکەی دەمێنێتەوە .	

پ . ژ ٤٣ //

زیناکردن لەگەڵ هاوسەر(ژن) ی دەرهاوسێکەت .....

ژ	هەڵبژاردەکان	
١	گەورەترین تاوانە ، و لە ڕیزی شیرك و هاوەڵبڕیاردان ، و کوشتنی منداڵ .لە ترسی ڕزق و ڕۆزی . باسکراوە .	
٢	تاوانێکی گەورەیە و بەڵام لە هەرە تاوانە گەورەکان نی یە .	
٣	تاوانێکی بچووکە ، و بە ئەنجامدانی کردەوەی چاك ، و بێ تەوبەلێکردن و پەشیمان بوونەوە لێی پاك دەبیتەوە ، و لەسەرت نامێنێ .	
٤	کوفر و بێ باوەڕییە .	

* بەشی وەڵام ،و بەڵگەکان *

ژ.پ	بەڵگەکان	وەڵامە ڕاستەکان
١	قال رجلٌ : يا رَسولَ اللهِ ، إنَّ فُلانةَ يُذكَرُ مِن كَثرةِ صَلاتِها وصَدقَتِها وصيامِها ، غيرَ أنَّها تُؤذي جيرانَها بِلِسانِها ؟ قال : هيَ في النَّارِ، الراوي : أبو هريرة | صحيح الترغيب	١ ، ٦
٢	قال : يا رَسولَ اللهِ ، فإنَّ فُلانةَ يُذكَرُ مِن قِلَّةِ صيامِها وصَدقَتِها وصَلاتِها ، وإنَّها تَتَصدَّقُ بالأَثوارِ مِن الأَقِطِ ، وَلا تُؤذي جيرانَها بِلسانِها؟ قال: هيَ في الجنَّةِ " . الراوي : أبو هريرة | صحيح الترغيب	١ ، ٤ ، ٥
٣	ما زالَ يُوصِينِي جِبْرِيلُ بالجارِ، حتَّى ظَنَنْتُ أنَّه سَيُوَرِّثُهُ. الراوي : عائشة أم المؤمنين | صحيح البخاري " واللَّهِ لا يُؤْمِنُ ، واللَّهِ لا يُؤْمِنُ ، واللَّهِ لا يُؤْمِنُ ، قيلَ : ومَن يا رَسولَ اللَّهِ ؟ قالَ : الذي لا يَأْمَنُ جارُهُ بَوايِقَهُ " . الراوي : أبو شريح العدوي خويلد بن عمرو | صحيح البخاري	٣ ، ٤

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
٤	" مَن كانَ يُؤْمِنُ باللَّهِ واليَومِ الآخِرِ فلا يُؤْذِ جارَهُ ، ومَن كانَ يُؤْمِنُ باللَّهِ واليَومِ الآخِرِ فَلْيُكْرِمْ ضَيْفَهُ ، ومَن كانَ يُؤْمِنُ باللَّهِ واليَومِ الآخِرِ فَلْيَقُلْ خَيْرًا أوْ لِيَصْمُتْ " . الراوي : أبو هريرة | صحيح البخاري	١ ، ٥
٥	" لَأَنْ يَزنيَ الرجلُ بعشرِ نِسوةٍ ، أيْسَرُ عليه من أن يزنيَ بامرأةِ جارِه ، .... " الراوي : المقداد بن عمرو بن الأسود | السلسلة الصحيحة	٥
٦	" ..... ، و لَأَنْ يسرقَ الرجلُ من عشرِ أبياتٍ ، أيسَرُ عليه من أن يَسرقَ من جارِه " . الراوي : المقداد بن عمرو بن الأسود | السلسلة الصحيحة	٢
٧	الجارُ أحَقُّ بشُفعةِ جارِه، يُنتَظَرُ بها وإن كان غائبًا، إذا كان طريقُهما واحدًا. الراوي : جابر بن عبدالله | صحيح أبي داود " جارُ الدَّارِ أحَقُّ بدارِ الجارِ أو الأرضِ " . الراوي : سمرة بن جندب | صحيح أبي داود	٢

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
٨	" إذا أثنى عليك جير انُك أنَّكَ مُحسِنٌ فأنتَ مُحسِنٌ وإذا أَثنى عليكَ جير انُك أنَّكَ مُسيءٌ فأنتُ مُسيءٌ " . الراوي : عبدالله بن مسعود | الجامع الصغير	٤
٩	" أربعٌ من السعادةِ : المرأةُ الصالحةُ ، والمسكنُ الواسعُ ، والجارُ الصالحُ ، والمركبُ الهنيءُ ، ..... " الراوي : سعد بن أبي وقاص | صحيح الترغيب	١
١٠	" ..... ، أربعٌ من الشَّقاءِ : الجارُ السوءُ ، والمرأةُ السوءُ ، والمركبُ السوءُ ، والمسكنُ الضَّيِّقُ " . الراوي : سعد بن أبي وقاص | صحيح الترغيب	١
١١	أنَّ رَسولَ اللَّهِ ﷺ قالَ: لا يَمْنَعْ جَارٌ جَارَهُ أنْ يَغْرِزَ خَشَبَهُ في جِدَارِهِ. ثُمَّ يقولُ أبو هُرَيْرَةَ: ما لي أرَاكُمْ عَنْهَا مُعْرِضِينَ؟! واللَّهِ لَأَرْمِيَنَّ بهَا بيْنَ أكْتَافِكُمْ. الراوي : أبو هريرة | صحيح البخاري	٤

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
١٢	" واللهِ لا يؤمنُ ، واللهِ لا يؤمنُ ، واللهِ لا يؤمنُ قيل : من يا رسولَ اللهِ ؟ قال : الذي لا يأمنُ جارُه بوائقَه قالوا يا رسولَ اللهِ وما بوائقُه ؟ قال : شرُّه " . الراوي : أبو هريرة | صحيح الترغيب	١
١٣	" حُرمةُ نساءِ المجاهدين على القاعدين كحُرمةِ أمهاتِهم ، ما من رجلٍ من القاعدين يخلُفُ رجلًا من المجاهدين فى أهلِه فيخونُه فيهم ؛ إلا نُصِبَ له يومَ القيامةِ فقيل : هذا قد خلَفك في أهلِك ، فخُذْ من حسناتِه ما شئتَ " . الراوي : بريدة بن الحصيب الأسلمي | صحيح الترغيب	٤
١٤	" حُرمةُ نساءِ المجاهدين على القاعدين كحُرمةِ أمهاتِهم ، ما من رجلٍ من القاعدين يخلُفُ رجلًا من المجاهدين فى أهلِه فيخونُه فيهم ؛ إلا نُصِبَ له يومَ القيامةِ فقيل : هذا قد خلَفك في أهلِك ، فخُذْ من حسناتِه ما شئتَ " . الراوي : بريدة بن الحصيب الأسلمي | صحيح الترغيب	٣

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
١٥	" من يأخذُ عنِّي هؤلاءِ الكلماتِ فيعمَلُ بِهنَّ أو يعلِّمُ من يعملُ بِهنَّ فقالَ أبو هريرةَ قلتُ أنا يا رسولَ اللَّهِ فأخذَ بيدي فعدَّ خمسًا وقالَ اتَّقِ المحارمَ تَكن أعبدَ النَّاسِ وارضَ بما قسمَ اللَّهُ لَكَ تَكن أغنى النَّاسِ وأحسِن إلى جارِكَ تَكُن مؤمنًا وأحبَّ للنَّاسِ ما تحبُّ لنفسِكَ تَكن مسلِمًا ولا تُكثرِ الضَّحِكَ فإنَّ كثرةَ الضَّحِكِ تميتُ القلبَ " . الراوي : أبو هريرة | صحيح الترمذي	١
١٦	" اللَّهمَّ إنِّي أعوذُ بكَ من جارِ السُّوءِ في دارِ المُقامةِ ، فإنَّ جارَ الباديَةِ يتحوَّلُ " . الراوي : أبو هريرة | صحيح الترغيب	٢
١٧	"يا أبا ذَرٍّ إذا طَبَخْتَ مَرَقَةً، فأكْثِرْ ماءَها، وتَعاهَدْ جِيرانَكَ" الراوي : أبو ذر الغفاري | صحيح مسلم	٣

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
١٨	ما آمن بي من بات شبعانَ وجارُه جائعٌ بجنبِه وهو يعلمُ به الراوي : أنس بن مالك | السلسلة الصحيحة	٣
١٩	" لا يدخلُ الجنَّةَ مَن لا يأمَنُ جارُه بوائقَهُ " الراوي : أبو هريرة | صحيح الأدب المفرد	٤
٢٠	" قلتُ يا رسولَ اللهِ إنَّ لي جارين بأيهما أبدأُ قال بأدناهما بابًا " . الراوي : عائشة أم المؤمنين | صحيح أبي داود	١
٢١	عَنْ مُجَاهِدٍ قَالَ : " كُنْتُ عِنْدَ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو ، وَغُلامُهُ يَسْلُخُ شَاةً ، فَقَالَ : يَا غُلامُ ، إِذَا فَرَغْتَ فَابْدَأْ بِجَارِنَا الْيَهُودِيِّ ، فَقَالَ رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ : الْيَهُودِيُّ أَصْلَحَكَ اللَّهُ ؟ قَالَ : إِنِّي سَمِعْتُ النَّبِيَّ ﷺ يُوصِي بِالْجَارِ، حَتَّى خَشِينَا أَوْ رُئِينَا أَنَّهُ سَيُوَرِّثُهُ " . الأدب المفرد	١ ، ٤

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
٢٢	جاء رجلٌ إلى النبيّ ﷺ. يشكو جارَه ، فقال : " اذهب فاصبرْ فأتاه مرتين أو ثلاثًا فقال : اذهب فاطرحْ متاعَك في الطريق . فطرح متاعَه في الطريق، فجعل الناسُ يسألونه فيخبرهم خبره، فجعل الناسُ يلعنونَه : فعل اللهُ به، وفعل، وفعل، فجاء إليه جارُه فقال له : ارجعْ لا ترى مني شيئًا تكرهه " الراوي : أبو هريرة | صحيح أبي داود	١ ، ٢ ، ٣ ، ٥
٢٣	جاء رجلٌ إلى النبيّ ﷺ. يشكو جارَه ، فقال : " اذهب فاصبرْ فأتاه مرتين أو ثلاثًا فقال : اذهب فاطرحْ متاعَك في الطريق . فطرح متاعَه في الطريق، فجعل الناسُ يسألونه فيخبرهم خبره، فجعل الناسُ يلعنونَه : فعل اللهُ به، وفعل، وفعل، فجاء إليه جارُه فقال له : ارجعْ لا ترى مني شيئًا تكرهه " الراوي : أبو هريرة | صحيح أبي داود	١
٢٤	يا نِساءَ المُسْلِماتِ، لا تَحْقِرَنَّ جارَةٌ لِجارَتِها ، ولو فِرْسِنَ شاةٍ الراوي : أبو هريرة | صحيح مسلم	١

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
٢٥	فەرموودەکەی عبدالله کوڕی عمر، و جگە لەوەش ، و ئەو فەرموودانەش کە باسی مافی موسوڵمان دەکەن ، لەگەڵ ئەو ئایەت و فەرموودانەش کە باسی مافی خزم و کەس دەکەن ، بەڵگەن لەسەر ئەو دابەشکردنەی کە زانایان کردوویانە . جۆرەکانی دەرهاوسێ : ١ – دەرهاوسێی موسوڵمانی خزم . ٢ – دەرهاوسێی موسوڵمان . ٣ - دەرهاوسێی کافر و موشریك .	٢
٢٦	هاوسێی موسوڵمانی خزم سێ مافی هەیە : ١ – موسوڵمانێتی . ٢ – خزمایەتی . ٣ – هاوسێیەتی .	٢
٢٧	دەرهاوسێی کافریان موشریك تەنها یەك مافی هەیە ، ئەویش مافی دەرهاوسێیەتی یە .	٢ ، ٣

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
٢٨	ما زالَ يُوصِينِي جِبْرِيلُ بالجارِ، حتَّى ظَنَنْتُ أنَّه سَيُوَرِّثُهُ. الراوي : عائشة أم المؤمنين | صحيح البخاري	١
٢٩	دەرهاوسێی موسوڵمانی بێگانەی نەناس ، دوو مافی دەبێت : ١ - مافی موسوڵمانێتی . ٢ - هاوسێیەتی .	٣
٣٠	قال ﷺ : ﴿ لَّا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ ﴾	٢
٣١	كانَ غُلَامٌ يَهُودِيٌّ يَخْدُمُ النبيَّ ﷺ ، فَمَرِضَ، فأتَاهُ النبيُّ ﷺ يَعُودُهُ ، فَقَعَدَ عِنْدَ رَأْسِهِ ، فَقالَ له : أسْلِمْ ، فَنَظَرَ إلى أبِيهِ وهو عِنْدَهُ فَقالَ له : أطِعْ أبَا القَاسِمِ ﷺ ، فأسْلَمَ ، فَخَرَجَ النبيُّ ﷺ وهو يقولُ : الحَمْدُ لِلَّهِ الذي أنْقَذَهُ مِنَ النَّارِ . الراوي : أنس بن مالك | صحيح البخاري	٢ ، ٣ ، ٤

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
٣٢	أنَّ رَجُلًا اطَّلَعَ في جُحْرٍ في بَابِ رَسولِ اللَّهِ ﷺ.، ومع رَسولِ اللَّهِ ﷺ مِدْرًى يَحُكُّ به رَأْسَهُ، فَلَمَّا رَآهُ رَسولُ اللَّهِ ﷺ.، قالَ: لو أعْلَمُ أنَّكَ تَنْتَظِرُنِي، لَطَعَنْتُ به في عَيْنَيْكَ. قالَ رَسولُ اللَّهِ ﷺ.: إنَّما جُعِلَ الإذْنُ مِن قِبَلِ البَصَرِ. الراوي : سهل بن سعد الساعدي | صحيح البخاري " لَوِ اطَّلَعَ في بَيْتِكَ أَحَدٌ، وَلَمْ تَأْذَنْ له، خَذَفْتَهُ بِحَصَاةٍ، فَفَقَأْتَ عَيْنَهُ؛ ما كانَ عَلَيْكَ مِن جُنَاحٍ " الراوي : أبو هريرة | صحيح البخاري	١ ، ٣
٣٣	قال ﷻ : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّىٰ تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَىٰ أَهْلِهَا ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ ﴾	٣ ، ٤
٣٤	مَن تَحَلَّمَ بحُلْمٍ لَمْ يَرَهُ كُلِّفَ أنْ يَعْقِدَ بيْنَ شَعِيرَتَيْنِ، ولَنْ يَفْعَلَ. ومَنِ اسْتَمع إلى حَديثِ قَوْمٍ وهُمْ له كارِهُونَ، أوْ يَفِرُّونَ منه؛ صُبَّ في أُذُنِهِ الآنُكُ يَومَ القِيامَةِ. ومَن صَوَّرَ صُورَةً عُذِّبَ، وكُلِّفَ أنْ يَنْفُخَ فيها، وليسَ بنافِخٍ. الراوي : عبدالله بن عباس | صحيح البخاري	٢ ، ٣

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
٣٥	كان رسولُ اللهِ ﷺ. إذا أتى بابَ قومٍ لم يستقبلِ البابَ من تلقاءِ وجهِه ، ولكن من ركنِه الأيمنِ أو الأيسرِ، ويقولُ: السلامُ عليكمُ السلامُ عليكمُ وذلك أن الدورَلم يكن عليها يومئذٍ ستورٌ. الراوي : عبدالله بن بسر | صحيح أبي داود	٥
٣٦	أَتَيْتُ النَّبيَّ ﷺ. في دَيْنٍ كانَ علَى أبِي، فَدَقَقْتُ البَابَ، فَقالَ: مَن ذَا؟ فَقُلتُ: أنَا، فَقالَ: أنَا أنَا! كَأنَّهُ كَرِهَهَا. الراوي : جابر بن عبدالله | صحيح البخاري	٤ ، ٢
٣٧	قال ﷺ : " الاستئذانُ ثَلاثٌ ، فإن أذنَ لَكَ وإلَّا فارجِعْ " الراوي : أبو موسى الأشعري | صحيح الترمذي	٤

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
٣٨	أنَّ أبا مُوسَى الأشْعَرِيَّ اسْتَأْذَنَ علَى عُمَرَبنِ الخَطَّابِ رَضِيَ اللَّهُ عنْه، فَلَمْ يُؤْذَنْ له، وكَأنَّهُ كانَ مَشْغُولًا، فَرَجَعَ أبو مُوسَى، فَفَرَغَ عُمَرُ، فقالَ: ألَمْ أسْمَعْ صَوْتَ عبدِ اللَّهِ بنِ قَيْسٍ؟ ائْذَنُوا له، قيلَ: قدْ رَجَعَ، فَدَعاهُ فقالَ: كُنَّا نُؤْمَرُ بذلكَ، فقالَ: تَأْتِيني علَى ذلكَ بالبَيِّنَةِ، فانْطَلَقَ إلى مَجْلِسِ الأنْصارِ، فَسَأَلَهُمْ، فقالوا: لا يَشْهَدُ لكَ علَى هذا إلَّا أصْغَرُنا؛ أبو سَعِيدٍ الخُدْرِيُّ. فَذَهَبَ بأَبِي سَعِيدٍ الخُدْرِيِّ، فقالَ عُمَرُ: أَخَفِيَ هذا علَيَّ مِن أمْرِ رَسولِ اللَّهِ ﷺ.؟! ألْهانِي الصَّفْقُ بالأسْواقِ. يَعْنِي الخُرُوجَ إلى تِجارَةٍ. الراوي : أبو موسى الأشعري | صحيح البخاري	٥
٣٩	قال ﷻ : ﴿ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ ۖ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا ۖ هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴾	٢ ، ٣
٤٠	قال ﷻ : ﴿ فَإِن لَّمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّىٰ يُؤْذَنَ لَكُمْ ۖ وَإِن قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا ۖ هُوَ أَزْكَىٰ لَكُمْ ۚ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ ﴾	٣

ژ.پ	بەڵگەکان	وڵامە ڕاستەکان
٤١	قال ﷺ : لا يخلون رجل بامرأة؛ فإن الشيطان ثالثهما خرجه الإمام أحمد	١ ، ٢ ، ٣
٤٢	خيرُ الأصحابِ عندَ اللهِ خيرُكم لصاحبِه ، و خيرُ الجيرانِ عندَ اللهِ خيرُكم لجارِه الراوي : عبدالله بن عمرو | صحيح الجامع	١
٤٣	سَأَلْتُ -أوْ سُئِلَ- رَسولُ اللَّهِ .ﷺ.: أيُّ الذَّنْبِ عِنْدَ اللَّهِ أكْبَرُ؟ قالَ: أنْ تَجْعَلَ لِلَّهِ نِدًّا وهو خَلَقَكَ. قُلتُ: ثُمَّ أيٌّ؟ قالَ: ثُمَّ أنْ تَقْتُلَ ولَدَكَ خَشْيَةَ أنْ يَطْعَمَ معكَ. قُلتُ: ثُمَّ أيٌّ؟ قالَ: أنْ تُزَانِيَ بحَلِيلَةِ جَارِكَ. قالَ: ونَزَلَتْ هذِه الآيَةُ تَصْدِيقًا لِقَوْلِ رَسولِ اللَّهِ .ﷺ.: {وَالَّذِينَ لَا يَدْعُونَ مَعَ اللَّهِ إِلَهًا آخَرَ وَلَا يَقْتُلُونَ النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَلَا يَزْنُونَ} [الفرقان: ٦٨]. الراوي : عبدالله بن مسعود | صحيح البخاري	١

* تایبەتمەندییەکانی کەناڵ *

١ - وەڵامەکان پاڵپشتن بە بەڵگەی قورئان و سوننەت .
و ووتەی پێشین و پێشەوایان و زاناياني ئوممەت .

٢ - وەڵامەکان لە خودی ئیسلامە پاك و تەواوەکەوە وەرگیراون .
و دوورن لە هەموو شلۆڕەوی و تووندڕەوییەك .

٣ - دەقەکانی قورئان و سوننەت پێش دەخرێن بەسەر قسە و بۆچوونی
هەموو کەسێکدا .

٤ - وەڵامەکان دوورن لە هەموو دەمارگیرییەکی
مەزهەبی و حزبی و کەسی .

٥ - لە هەڵەدا شوێنی هیچ کەسێك ناکەوین .
و ڕێز و شکۆ و کەرامەتی پێشین و پێشەوایان و زانایانیش دەپارێزین .

ڕاستترین وەڵام @rastter_walam